# گراماتۆلۆژیا

نیهاد جامی

پرسیارکردن له‌ چیه‌تی نووسین له‌ پرۆسه‌ی هه‌ڵوه‌شاندنه‌وه‌گه‌رایی دریدا, پرسیارکردنه‌ له‌ سێ ئاراسته‌ی جیاواز, به‌وه‌ی نووسین به‌سێ ئاراسته‌ تێده‌په‌ڕێت, که‌هه‌ریه‌که‌ له‌و سێ ئاراسته‌یه‌ ئه‌زموونی قۆناغێکه‌ که‌ دریدا له‌ ڕێگه‌ی هه‌ڵوه‌شاندنه‌وه‌ی سێنته‌ر جارێکی تر نووسین ده‌خاته‌وه‌ نێو زمان, به‌وه‌ش سێنترالیزمی ده‌نگ که‌به‌سێنته‌ر بوونی له‌سه‌ر مافی نووسین بووه‌, به‌مانای ئه‌وه‌ی له‌سه‌ر ئه‌رکی نووسینه‌وه‌ خۆی به‌سێنته‌ر کردووه‌, ئه‌و سێنته‌ره‌ هه‌ڵده‌وه‌شێنێته‌وه‌, چونکه‌ ووشه‌ وه‌ك ئامرازێکی ده‌نگی له‌ پرۆسه‌ی گه‌یاندن بووه‌ به‌ هۆکارو زه‌مینه‌ بۆ سێنترالیزمی لۆگۆس, ئه‌وه‌ش له‌دووه‌م ئاراسته‌ی ئیشکردنی له‌سه‌ر نووسین که‌ناوی ده‌بات به‌ گراماتۆلۆژیا (زانستی نووسین).

ئاراسته‌ی یه‌که‌م که‌ناوی ناوه‌ (فارماگۆن) ئیشکردنه‌وه‌یه‌ له‌سه‌ر ئه‌فلاتوون, که‌دیاره‌ ئه‌فلاتوون به‌ سێنترالیزمی ده‌نگ ڕه‌ت ناکاته‌وه‌, به‌ڵکو ئه‌و ڕه‌تکردنه‌وه‌یه‌ به‌ره‌نجامی تیۆره‌ زمانه‌وانیه‌که‌ی سۆسێر بوو, که‌دیاره‌ سۆسێر چه‌نده‌ ئاخاوتن‌و زمان له‌یه‌ك جیاده‌کاته‌وه‌ به‌ڵام دواتر له‌خاڵێکدا کۆیان ده‌کاته‌وه‌و بایه‌خ به‌وێنه‌ی ده‌نگی ووشه‌ ده‌دات, ئه‌وه‌ش بووه‌ هۆی ئه‌وه‌ی که‌نه‌توانێ دیدی میتافیزیکی بۆ به‌ڵگه‌ی زمانه‌وانی ڕه‌ت بکاته‌وه‌, بۆیه‌ ئه‌و سه‌ره‌کیترین پرسیاری له‌باره‌ی نووسین له‌تیۆره‌که‌ی فه‌رامۆش کرد ئه‌وه‌ش بووه‌ مایه‌ی ئه‌وه‌ی دریدا بێت ئه‌و پرسیاره‌ له‌نووسین بکات‌و له‌ ڕێگه‌ی ئه‌و پرسیاره‌شه‌وه‌ له‌ نووسین بدوێت, بۆ ئه‌و دوانه‌ش پرسی "له‌کوێوه‌ نووسین ده‌ست پێده‌کات, وه‌ له‌ کوێ‌و که‌ی شوێنه‌واری که‌مده‌بێته‌وه‌؟ که‌دایده‌نا به‌ ڕه‌گێکی هاوبه‌ش بۆ ئاخاوتن‌و نووسین, وه‌بۆ نووسین به‌ مانا باوه‌که‌ی؟ له‌کوێ‌وکه‌ی له‌ نووسینه‌وه‌ بۆ ئه‌ویتر ده‌په‌ڕینه‌وه‌ بۆ نووسین به‌مانا فراوانه‌که‌ی, وه‌ بۆ نووسین به‌مانا ته‌سکه‌که‌ی؟"(1)

ئه‌وه‌ش پرسیارکردنه‌ له‌سه‌ره‌تای نووسین به‌وه‌ی له‌کوێ نووسین به‌شێکی ده‌چێته‌ ناو شوێنه‌واره‌وه‌, به‌مانای ئه‌وه‌ی نووسین ده‌بێته‌وه‌ به‌شێك له‌ ڕابردوو, کاتێك به‌شێکی نووسین ده‌بێت به‌ شوێنه‌وار له‌ ڕاستیدا ده‌یه‌وێت مانای باو بۆ نووسین تێك بشکێنێت ومانایه‌کی جیاوازی پێببه‌خشێت, ئه‌وه‌ش پرۆسه‌یه‌کی ئه‌رکیۆلۆژیی نیه‌ به‌مانا بونیادگه‌ریه‌که‌ی که‌ فۆکۆ کاری بۆ ده‌کرد, به‌ڵکو ئه‌و پرۆسه‌یه‌ لای دریدا هه‌ڵوه‌شاندنه‌وه‌ی سێنته‌ره‌ به‌وه‌ی سه‌رله‌نوێ بونیاد تێك بشکێنێته‌وه‌و ماناکانی نێو نووسین به‌شێکی زۆری به‌ شوێنه‌وار ناوبه‌رێت‌و به‌جێی بێلێت.

ئه‌و به‌جێهێشتنه‌ش به‌ره‌نجامی تێگه‌یشتنیه‌تی له‌ چه‌مکی نووسین, چونکه‌ نووسین به‌به‌رهه‌می زانست‌و حه‌قیقه‌ت سه‌یر ناکات, به‌ڵکو به‌به‌رهه‌می ئه‌فسانه‌و درۆکردنی داده‌نێت, نووسین له‌لایه‌وه‌ له‌ناو ئه‌فسانه‌و درۆکردن دێته‌ بوون, ئه‌وه‌ش ته‌نها له‌ ڕێگه‌ی هه‌ڵوه‌شاندنه‌وه‌ی سێنته‌ر نووسین ده‌توانێ جارێکی تر مانا بخولقێنێته‌وه‌, به‌ڵام چه‌نده‌ مانایه‌که‌ شیاوی هه‌ڵوه‌شاندنه‌وه‌ی تره‌, به‌هه‌مان شێوه‌ش ده‌بێت ئاسۆکانی به‌رده‌می ئاوه‌ڵا بن و له‌ناو ماناکانی پێشوو خۆیان دیل نه‌کردبێت.

ئێمه‌ ئه‌گه‌ر له‌ به‌رده‌م هه‌ردوو ناونانی دریدا بووه‌ستین, ده‌بینین پرۆسه‌ی هه‌ڵوه‌شاندنه‌وه‌گه‌رایی له‌ پرۆسه‌یه‌کی به‌رده‌وامدایه‌ بۆ تێکشکاندن‌و بنیاتنانه‌وه‌, چونکه‌ ئه‌فسانه‌ بۆ خۆی هه‌ڵگری شوێنه‌واره‌ له‌نێو مانادا, به‌ڵام کاتێك نووسین به‌ شوێنه‌وار ده‌بینینه‌وه‌ مانای وایه‌ له‌هه‌ر کوێیه‌ك نووسین هه‌بوو شوێنه‌وار هه‌یه‌ وده‌بێ به‌ جێی بێلین, بۆیه‌ ئه‌و ئومێده‌ی به‌رله‌و نووسینی به‌زانست ناو ده‌برد, ئه‌و ئومێده‌ به‌لایه‌وه‌ وه‌همێکه‌ که‌ ده‌چێته‌وه‌ ناو پاشماوه‌کانی شوێنه‌وار, چونکه‌ توانای به‌خشینی زانستی نییه‌, ئه‌گه‌ر بێت‌و ئه‌و زانسته‌ خۆی له‌ناو شوێنه‌واری نووسین ده‌رباز نه‌کات, و ڕه‌خنه‌گرتنیشی له‌ میتافیزیکیا بووه‌ هۆی ئه‌وه‌ی (حه‌قیقه‌تی نووسین) به‌ (درۆکردنی نووسین) بگۆڕێت, به‌وه‌ی ئه‌وه‌ حه‌قیقه‌ت نییه‌ که‌ نووسین له‌لایه‌تی به‌ڵکو درۆکردنی نووسینه‌, به‌ڵام ئه‌و درۆکردنه‌ وه‌ك پێویستیه‌ك سه‌یر ده‌کات.

ئه‌وه‌ له‌کاتێکدا ده‌بێت ئه‌وه‌ بزانین که‌ زانست چه‌مکی(ئاماده‌ بوونی سێنته‌ر) به‌رهه‌م دێنێته‌وه‌, وه‌ك چۆن میتافیزیکیاش له‌ناو هه‌مان به‌رهه‌م هێناندا ده‌ژییێت, بۆیه‌ زانست دیدێك نییه‌ که‌ تیایدا نووسین بگات به‌ که‌شفکردنی نادیار, به‌ڵکو ناو بردنه‌وه‌ی ئه‌و زانسته‌ به‌ ئه‌فسانه‌ به‌مانای نووسین به‌رهه‌می ڕابردووه‌.. ده‌قێکی بیستراوه‌, که‌تیایدا نووسین ئاستی ده‌نگی تیا ده‌کوژێت, چونکه‌ نایه‌وێت ووشه‌ی ده‌نگی جارێکی تر ببێته‌وه‌ به‌ لۆگۆس, ئه‌وه‌ش ڕه‌خنه‌گرتنی بوو له‌ تیۆری زمانه‌وانی سۆسێر,که‌ په‌یوه‌ندیی هه‌یه‌ به‌ ئیشکالیه‌تی نێوان ئاخاوتن‌و نووسین, به‌وه‌ی ئه‌و ته‌نها بایه‌خی به‌ ئاخاوتن داوه‌و نووسینی فه‌رامۆش کردووه‌, ئه‌وه‌ش بۆته‌ هۆی ئه‌وه‌ی سۆسێر سێنته‌ر بخولقێنێت له‌ ڕێگه‌ی به‌سێنترال بوونی ده‌نگ, که‌ ئه‌و سێنته‌ره‌ لای دریدا به‌شێکه‌ له‌سێنترالیزمی لۆگۆس.

ئەوەش دەرگای ئەوەمان بۆ دەکاتەوە کە جیاوازی نێوان هەڵوەشاندنەوە و بونیادگەری لەدیارترین چەمکی گوتاری ڕەخنەیی بدۆزینەوە, بەوەی بونیادگەری لەناو ئەو تیۆرەی سۆسێرەوە هاتۆتە بوون و تەنانەت ویستویانە ئاسۆکانی فۆرمالیستەکان فراوان بکەن, دواتر گەشەیان بە تێڕوانینی شکۆلۆفسکی وباختین‌وئەوانیتردا, بەمانای ئەوەی ئەوان زەمینەی بوونیان بۆ ئەو تیۆرە دەگەڕاندەوە, ڕێك بە پێچەوانەی دریدا کە بۆ هەڵوەشاندنەوە دێت ڕەخنە لەو تیۆرە دەگرێت.
بۆیە ئەگەر بونیادگەری لە ڕێگەی دەنگەوە بەشداری لە خولقاندنی سێنتەر بکات, ئەوا هەڵوەشاندنەوە لە هەوڵی هەڵوەشاندنەوە سێنتەر دایە, لەڕێگەی کەمکردنەوەی توانای دەنگی لەناو زمان ودواتر گۆڕینی ئاخاوتن بۆ نووسین.
ئەوە سەرەڕای جیاوازی بنەڕەتی دریدا لەگەڵ سۆسێر لە رووی تێگەیشتنیان بۆ ئاماژە کە دواتر دریدا لە ڕێگەی گراماتۆلۆژیاوە ڕەخنە ئاراستەی سیمیۆلۆژیا دەکات, ئەگەرچی ناکرێت ئەو ڕەخنەیەی  دریدا تەواو بەوە لێك بدەینەوە کە ئەو دژی سیمیۆلۆژیایە هێندەی دەتوانین گۆڕانی قۆناغی دریدیش بۆ سیمیۆلۆژیا دەست نیشان بکەین, بەڵام بەجیاوازی تێگەیشتنی ئەوەوە لە ئاماژە, ئەگەر"سۆسێر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئاماژە دال‌و مەدلول نیە, بەڵکو ئاماژە جیاوازبوون"ە بۆیە سۆسێر ئاماژە وەك یەکێتیەك دەبینێت, لەکاتێکدا دریدا وەك جیاوازی دەیبینێتەوە"(2)
کاتێ هەڵوەشاندنەوە ئاخاوتن دەگۆڕێت بە نووسراو, لەو ڕێگەیەوەش سێنترالیزمی دەنگ هەڵدەوەشێنێتەوە, بۆچوونێکی دیار هەیە کەلەسەر ئەوە کۆکن کە دریدا بەو کارە لە ڕێگەی سێنترالیزمی نووسینەوە سێنتەر بەرهەم دێنێتەوە, چونکە هەمان بونیاد کە لە ئاخاوتن بوونی هەیە بۆبنیاتنانی سێنتەر, هەر ئەو بونیادەشە دەتوانێ نووسین بە سێنتەر بکات, دیارە بەلای "ڕافیندران" ئەو ڕەخنە گرتنە لە دریدا ڕەخنەیەکی بێگوناح ونیاز پاکانە نییە, بۆیە بەر لەوەی ڕاڤە بکرێت پێویستە گوزارشت لە دەلالەتەکەی بکرێت, چونکە ئەگەر دەنگ بیەوێ بە سێنتەر بوونی ڕۆح ڕابگەیەنێتەوە, ئەوا نووسین لە بە سێنتەر بوونی خۆی بە سێنتەر کردنی جەستە هەڵدەستێت, بۆیە ئەو بەسێنتەر ناوبردنە پەیوەستە بە بایەخدانی فەیلەسوفانی پاش مۆدێرنیتی لە ڕێگەی ڕەخنەگرتنیان لە مۆدێرنیتی.(3)
ئەوە لە کاتێکدا دریدا بێئاگا نەبووە لەو جۆرە ڕەخنانە بۆیە زوو درکی بەوە کردوو ئەوەی ڕوونکردەوە کە سێنتەر نەك تەنها لەناو بونیادی هەڵوەشاندنەوە ناخولقێنرێتەوە, بەڵکو لە ڕاستیدا سێنتەر پێویستیەك نیە, بۆیە دەڵێت: " ئێمە دەتوانین بەبێ سێنتەر بمێنینەوە, من وای دەبینم کەسێنتەر وەزیفەیەو نەك بوون بێ یا واقیع, بەڵکو تەنیا وەزیفەیە"(4)
بەوەزیفە بوونی سێنتەر وادەکات لە نێوان"دەنگ‌و سێنتەر" ڕەخنە گرتنی لە ڕۆسۆ ڕەخنەگرتن بێت لە هەیمەنە کردنی دەنگ بەسەر نووسین, ئەگەرچی ئەوەیان بەلای "بۆل دی مان" ەوە دریدا" لە ڕێگەی زاراوەکانیەوە نەیتوانیووە هەنگاوێك بڕواتە پێشەوە, لەبەر ئەوەی بنیاتی دەقی ڕۆسۆ لە ڕێگەی سیستمی ئامادە بوون‌و نا ئامادەبوون سیستمێکە ئیدراکی بۆ مەعریفەی بێ مەبەست فرێ دەدات, لەبەرامبەر مەعریفەی نێگەتیڤی بێ چارەسەر, وە لە نێوانیشیاندا وەکو یەك دابەشیان دەکات"(5)
بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا پێی وانیە ئەو بۆچوونە ڕەخنە گرتن بێت لە دریدا چونکە دواتر دریدا دێتەوە سەر هەمان ستراتیژ بۆ ئاستە جیاوازەکانی مەعریفە.
ئەوەی بەلای (دی مان)ەوە دریداو ڕۆسۆ کۆدەکاتەوە پەیوەندیی بە تێگەیشتنی هەر دووکیانەوە هەیە بۆ زمان, چونکە ئەگەر ڕۆسۆ کلیلی زمان نە لە هەستەوە سەیر بکات و, وەنە لە بەهای مەعریفی بۆ زمانەکەی, بەڵکو لە ئیدراك کردنی بێت بەوەی کە ئەوە زمانە قسە لەخۆی دەکات, بەمانای ووتراوی زمان بۆ ووتراوی ئامادەبوون دەگەڕێنێتەوە, ئەوەش مەبەستی سەرەکی ئیشکردنی دریدایە, بۆیە بەلایەوە دەکرێت لە دریداوە دەست بە خوێندنەوەی ڕۆسۆ بکرێت, بەمانای خوێندنەوەی دریدا بۆ ڕۆسۆ هەڵوەشاندنەوەی سێنتەرو خولقاندنەوەی ڕووبەرێکی کراوەیە بۆ زمان کەتیایدا چەمکەکانی ڕۆسۆ لەڕێگەی ڕەخنە گرتن لەسێنتەری لۆژیك دەبردرێتە ئاستێکی ترەوە, کە زمان تیایدا جیاوازی خۆی دەردەخات, نەوەك جیاوازی بابەت, ئەوەش بۆ دی مان دەبێتە هۆی ئەوەی بپرسێت: کەوابێت چۆن دەقی دریدا لە دەقی ڕۆسۆ جیاوازە؟ ئەو پرسیارە دەباتەوە ناو ڕەوانبێژی زمانی ئەدەبی بەوەی جیاوازی نێوان ئەو دوانە جیاوازی ڕەوانبێژی زمانە, کەلەڕووی ڕەوانبێژیەوە جیاوازی نێوان زمانی ڕەخنەیی‌و زمانی ئەدەبیە, دەنا لە جەوهەردا هەردووکیان یەك شت دەڵێن.
کەدیارە نابێت ئەوەشمان بیربچێت ئەو سووربوونەی دریدا بۆ زمانی ئەدەبی بەرەنجامی سووربوونیەتی لە پێناو هەڵوەشاندنەوەی سێنتەر لەناو گوتاری ئەدەبی‌وهونەریدا, هەروەش بووەتە هۆی ئەوەی لە بەشێکی پرۆژەکەیدا قسەکردنێکی وورد لەسەر شانۆی توندوتیژی ئارتۆ بکات بەڕادەی ئەوەی ئەو شانۆیە ناو دەبات بە شانۆیەك کەتیایدا گەڕانەوەیە بەرەو نووسین‌وهەڵوەشاندنەوەی

سێنترالیزمی دەنگە, هەڵوەشاندنەوە لەلای ئارتۆ بەرەنجامی سەرەونخونکردنی تەواوی بزاڤە شانۆیەکە نیە, بەڵکو ئەوەی دریداش ئاماژەی بۆ دەکاتەوە ئەو دێرەی ئارتۆیە کە بڕوای وایە تاکو ئێستا هەریەکە لەشانۆوسەما بوونیان نیە, بەمانای ئەوەی بۆ ئارتۆ ئەوەی پێی دەووترێ شانۆ لەڕاستیدا شانۆ نیە چونکە کۆمەڵێك گوتاری خستۆتە ناو خۆی بوونی ئەو گوتارانە وایان کردووە ڕۆڵی شانۆ وون بێت, یەکێك لەو گوتارانەی کەشانۆی ئارتۆ دەیکاتە دەرەوە, دەرکردنی یەزدانە لەشانۆدا, دەرکردنی یەزدان لەشانۆدا بەمانای شانۆیەك بڕوای بە بوونی سێنترالیزمی لۆگۆس نیە لەناو خۆیدا, شانۆیەك کە بوونی نەبووە پەیوەستە بە بوونی لۆگۆس, لێرەدا دەکرێ بەشی هەرە زۆری ئەو ڕەخنەیە بەر شانۆی یۆنانی بکەوێت کەدواجار تەواوی شانۆکەو گوتاری بیرکەرەوە گوتارێك نەبووە لەدەست دەرهێنەروئەکتەرەکان هێندەی گوتارێك بووەلە ڕێگەی ووشەی دەنگیەوە چارەنووسی شانۆگەریەکان یەزدان دەست نیشانی کردووە, ئەگەر بمانەوێ نمونەیەکی زیندوو لەناو ئەو شانۆیە بێنینەوە با ئاماژە بە ئۆدیپۆسی سۆفۆکلیس بکەین, ئەوە ئۆدیب نیە لە ڕێگەی زمانەوە کارەکتەر دەباتە ناو تراژیدیا, وەنە نووسەری دەقەکەشە, بەڵکو تەسلیم بوونی هەریەکە لەتەواوی کارەکتەرەکانونووسەرن بە بڕیاری یەزدان بەوەی زەمەنی تراژیدیا زەمەنێکە یەزدان بەرهەم هێنەریەتی, کاتێ ئارتۆ ئەو گوتارە میتافیزیکیە لە شانۆکەی دوور دەکاتەوە, هەمان ستراتیژی دریدا مەبەستیەتی لەو شانۆیە بوونی هەیە, چونکە لای ئارتۆ وێنەی دەنگی ووشە شتێك نیە توانای دەسەڵات وەرگرتنی هەبێت, وەك پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد کە لای دریداش دەنگ بەشێکی بە سێنترالیزم بوونی لۆگۆس بەرهەم دێنێت, دەرکردنی ووشەی دەنگیش لای ئارتۆوگۆڕینی بە وێنەی جوڵاوی جەستە پرۆسەی لەدایکبوونی نووسین دێنێتە بوون بەڵام نووسینێك بێلایەن نەبێت لە ڕووی ئامادەبوونی دەرهێنەروئەکتەران, ئەوە دواجار جەستەیە دەقێك دەنووسێتەوە تیایدا لەبری ئامادەبوونی میتافیزیکی ڕووی ئەودیوی ئەوترسە میتافیزیکیە دەتەقێنێتەوە کە وەك تاعونێك دەردەکەوێت هەموو ئەو پیسیەی ناو جەستە دێنێتە دەرەوەوپرۆسەی کاتاریسی جەستە دەست پێدەکات, ئەگەر بەزمانی دریدا قسە بکەین, دەڵێین نووسین جەستە پاك دەکاتەوە لەهەموو ئەو پیسیەی دەنگ تیایدا دەسەڵاتی تۆقێنەری لەناومان خوڵقاند بوو, چونکە شانۆ بۆئارتۆ دەسپێکێکی نوێیە, شانۆی کلاسیکی بەلایەوە تووشی وەستانی ئەو خوێنە بووە کەلە شوێنی خۆی پیس دەبێتو دەیکات بەگرێیەك, ئەو گرێیە پەتایەکە هەریەکە لە میتافیزیکیا ودەنگ خوڵقاندویانە, جەستە لەبەرەنجامی نووسینەوەی خۆی ئەو گرێیە دەتەقێنێتەوە, ئەو خوێنە پیسە دەتەقێنێتەوەو جەستە لەو پیسیە ئازاد دەکات, ئەوەش پرۆسەیەك نیە کەتەنها ئەکتەرودەرهێنەر تیایدا ئازاد بن, هێندەی وەرگر بەهەمان شێوە بەشداری لەپرۆسەی پاکبوونەوە دەکات, بەوەی بەشداریی لە پرۆسەی بینین دەکات, ئەو پرۆسەیە لە شانۆی ئارتۆ ساتەوەختی بەشداریی پرۆسەی نمایش وکردەی وەرگرتنە, ئەگەرچی ئەوە مەبەستی ئێمە نیە کە لەشانۆی ئارتۆ بدوێین بەڵکو تێگەیشتنی دریدایە بۆئەو شانۆیە کە ئارتۆ هەوڵی نووسینی داوە لە ڕێگەی هەڵوەشاندنەوەی سێنتەری دەنگ.

کاتێ گراماتۆلۆژیا لەڕێگەی ڕەخنەگرتن لە دەنگ‌ولۆگۆس تیۆریزەی چەمکەکەی خۆی دەکات, دەکەوێتە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ سیمیۆلۆژیا, ئەوەش ئەگەر لەشوێنێکدا ڕەخنەی گراماتۆلۆژی لە سەر سیمیۆلۆژیا قووڵ بکاتەوە, لەڕوویەکی ترولەلای ڕەخنەگرێکی وەك سلڤرمان بە سیمیۆلۆژیای هیرمنیۆتیکی ناو دەبرێت, ئەو بابەتەش شوێنی نووسینی سەربەخۆ بۆخۆی تەرخان دەکاتوهەوڵ دەدەین لە ئایندەیەکی نزیکدا بگەڕێینەوە سەری.

---

پەراوێزو سەرچاوەکان

(1)الشكل و الخگاب/محمد الماكرى, المركز الپقاڤى العربى(بيروت)1991 ص82

(2)البنيويه و التفكيك/س. رافيندران, ترجمه"خالده حامد" دار الشؤون الپقافيه(بغداد) 2002, ص 151

(3) بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەو تێگەیشتنەی رافیندران بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو, لاپەرەکانی 145-146

(4)التفكيك: المركز و اللعب, الگليعه الادبيه, العدد

(5-6)1990 ص 64

(5)العمى و البصيره/ بول دى مان, ترجمه" سعيد الغانمى" منشورات المجمع الپقاڤى(ابو ڤبى)الگبعه الاولى 1995, ص191